ئاوات شێخ جەناب: گەیشتینە ڕکەوتن بۆ خەرجکردنی تەواوی موچەی ساڵی 2025 بڕبڕ گرفت

ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبەغدا ڕایگەیاند، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق گەیشتینە ڕکەوتن بۆ خەرجکردنی تەواوی موچەی ساڵی 2025 بڕبڕ گرفت و لەم ڕۆژانەش دابەشکردنی موچە دەستپێدەکات.

ئاوات شێخ جەناب لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، ڕککەوتن لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق کرا و بۆ ساڵی 2025 بڕبڕ کێشە موچەی موچەخۆران خەرجدەکرێت.

وتیشی، "یەکەم کاری کابینەی نێیەم ئەوە بوو، هاتە بەغدا بۆ چارەسەری کێشەکان و ئێستاش سورین لەسەر چارەسەری کێشەکان".

ئەوەشیخستەڕوو، لەم دو ڕۆژدا ئامادەکاری بۆ دابەشکردنی موچەی مانگی (کانونی دووەم/1)ی 2025 دەستپێدەکات.

ئەوەشی ڕونکردەوە، سیاسەتی حکومەتی هەرێم و بەرنامەی حکومەت ئاوێنە کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێن، پرسی ستراتیژی کێشەکانی هەرێم لە بەغدایە، پێویستە لەگەڵ بەغدا ئاو کەشانە چارە بکرێن، بۆ خۆشحاڵییەوە ئەمڕۆ ئەم سیاسەتە گەیشتە ئەنجام بۆ هەوڵ و تێکۆشانی حکومەتی هەرێم و

سەرکی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدڕاڵی، وەزیری دارایی فیدڕاڵی و ئەندامانی پەرلەمانی عێراق، توانیمان بۆ ئەنجام بگەین کە بۆ ساڵی 2025 کێشەی موچەخۆران کۆتاییهات".

ئەوەشی رونکردەوە، "ئومێد دەکەین ئەمە دوا هەواڵ بێت لەبارەی موچە و جارکی دیکە موچە نەبێت بە هەواڵ و چاوەڕوانی".